# زینانەی گوناهـ

## بۆ گۆران بابەعەلی لە هەرکوێیەك بێت*

نەریمان مۆریاسی

منم ئەو کەسەی کە بڕیاریان لەسەردام هەموو کاتەکانم شەو بێت، خرامە ژوورێکەوە کە هەرگیز دەرگاکەی ناکرێتەوە، لێم حەرام کرا جارێکی تر سێوەکان و تووەوە خرپنەکان بەدەستی خۆم لێبکەمەوە، ئەو خەوە وەك بەردی لێهات کەمن جارێکی تر دەستەملانی ئێوارەکان ببم پڕ بەدڵی خۆم بۆنی گڵ و شەقامەکان هەڵمژم و هەڵۆژەو سێوە لاسوورەکان لە باڵای ئێوارەکان بکەمەوە، ئەو خەوە تەمێکی سپی بوو لە کاتێکی تەنیاییدا ڕوویەوە، دایکم و باوکم و پزیشکەکان ئەو خەونەیان کردە گوڵی ڕەق بوو کاتێك بڕیارەکەیان بەسەردا جێبەجێ کردم، چەندە هاوارم کرد با دەستەکانم نەبڕنەوە، بەڵام دایکم دەیووت: ( (نا قەیناکە کوڕم هەر ئەوەندە لەبەر چاوم بیت، جا با دەستەکانیشت نەبن) ) ، (گەر دەستەکانت نەبڕینەوە، بۆگەن دەکەیت حەیامان دەبەیت ودواجار دەشمریت) لەو کاتەوە هەتا ئێستە کە هەزاران ئەستێرە لە چاومدا تواونەتەوە من بوومەتە کۆیلەی ئەم قەرەوێڵەیەی ژێرم وچیتر ناتوانم لەگەڵ ئەو کچە شۆخ و شەنگەدا بچمە دەرەوە کە هێندەی هەموو دنیا خۆشم دەویست، ئیتر ناتوانم دوور لە چاوی دایك و باوکم، دەستەملانی بم، ئیتر ئێستە من چیبکەم لەو کچە عەیار بازانەی کە دایکم یاخود باوکم دەیهێننە سەر قەرەوێڵەکەم بۆ دڵدانەوەی من، منیش هاوار دەکەم بەسەریاندا: (بچنە دەرەوە تازە من کەسم خۆش ناوێت و خۆشەویستی لەگەڵ کەسیشدا ناکەم، خۆشەویستەکەی من کۆترێکی یەزدانی بوو، ئێوە تەراتان کرد) زۆرجار دایکم و باوکم و خوشك و براکانم بەپاڵ دەکردە دەرەوە زۆرجار ئەو کچ و کوڕە خزمانەشم دەکردە دەرەوە کە سەردانیان دەکردم، من وام هەست دەکرد ئەوان بۆ ئەوە نایەن دڵی من بدەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوە دێن لە قەدو باڵای قرتاوم بنوارن و دواتر تێر پێم پێبکەنن و لاساییم بکەنەوە، (ئاگام لێیە تارماییەکان، لە ژوورەکەمدا دەسووڕێنەوە) .

من حەزم دەکرد بمردمایەو دەستەکانمیان نەقرتانایە چونکە ئیتر ناتوانم ئەو ترێ شیرینانە لێبکەمەوە کە بە مناڵی دەستم نەدەگەیشتنێ، چیتر ناتوانم ئەو پەپولە فێڵ بازانە دەستەمۆ بکەم کە بە مناڵی لەبەرم هەڵدەهاتن، ئیتر ئەو کۆترە سپییە ناسکۆڵانەشم بۆ ناگیرێ کە زۆرجار بزەیەکیان تێدەگرتم، من بەوانم وت: (دەستەکانم مەبڕنەوە چیتر ناتوانم ختووکەی ئەستێرەکان بدەم) .

ئەوان وتیان: (گەر نەیانبڕینەوە شێتیش دەبیت) من شێت نەدەبووم من دەمویست ئازاد بم، بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیان جێبەجێ کرد، ویستیان من بەو هەموو ئازارەوە، هەر لەبەر چاویان بمێنمەوە، دایکم و باوکم شەوو ڕۆژ لەگەڵمدا بوون، لەسەر قەرەوێڵەکەم بوون، تەنانەت دایکم بۆ سەر تەوالێت و حەمامیش هەر لەگەڵما بوو، ئەوان وایان لێ هات تێکەڵاوی ئەندێشەو خەون و خورتەی دڵم و بیرکردنەوەکانیشم بوون ڕۆژێکیان، ڕۆژێکی دوور لەم ساتانەی ئێستە، ژوورەکەم بووە شەقامێکی پان و بەرینی خۆش، من بەدەستی قرتاوەوەو بەو هەموو ناشرینییەوە لەگەڵ کچێکی شۆخ و شەنگدا پیاسەم دەکرد زۆری نەبرد، بینم دایکم و باوکم لەژێر عەبایەکی ڕەشەوە سەریان کردووە بەسەری یەکداو چرپە چرپیانەو جار جار سەیری ئێمە دەکەن و بەدوای من و خۆشەویستەکەمەوەن صێ بەپێ بەدواماندا دەڕۆن، سەیری ئێمەیان دەکردو خۆیان دەکردەوە بەژێر عەباکەدا، نەمدەزانی بۆ وادەکەن!! ئیتر ئاوڕم لێ دانەوەو عەبا ڕەشەکەم لەسەریان هەڵگرت و وتم:

(ئەوە بۆ وادەکەن) ، وتم (باشە بۆچی لەسەر شەقامەکانیشدا ئێوە وازم لێ ناهێنن بۆچی ناهێڵن، لێرەشدا ئازادبم) . ئیتر پاڵم بە هەردووکیانەوە نا بۆ دەرەوەی ژوورەکەم و گەڕامەوە لای قەرەوێڵەکەم و کتێب ودەستنووسەکانم، ئەو کتێب و دەستنووسانەی! ئای کەماوەیەکی زۆر دایکم و باوکم لێیان شاردبوومەوەو، نازانم تێ ناگەم ئەوان دەیان ویست من نەنووسم من نەخوێنمەوە.

دایکم دەیوت: (بچیت کارێك بکەیت باشترە) .

باوکم دەیوت: (ئەو شتانەی تۆ دەینووسیت هەمووی هەڵەیە) زۆرجار نازانم شەرمم دەکرد یان نەمدەوێرا پێیان بڵێم، ئەوەتا لەو گۆڤارەدا نووسینی من بڵاوکراوەتەوە ئێستە کە ڕۆژەکان هەموویان ڕۆژانی باران و زریان و کڕێوەن و شەوەکانیش بێ ئەستێرەن و پڕن لە تارمایی کزۆڵ، تەواوی تاڵە ڕەشەکانی قژم سپی بوون و سەرم بۆتە کوێستانێکی مات و بێ دەنگ، من تەنیام، تەنیایەکی پڕ ئازارو ژان، حەزم لە هاوڕێیەتی کچێکی جوانە، حەزم لە نووسینی شیعرێکی تەڕە، حەز دەکەم لەناو باخێکدا بەرامبەر کچێکی گەنج دانیشم وبە دەستەکانم، کتێبێکی (ژان پۆل سارتەر (یاخود شیعرەکانی (رامبۆ) بخوێنمەوە، بەڵام نەیانهێشت و ئیتر نایەڵن:

ئێستە کە نازانم چ وەختێکە کە نازانم چەند سەعات و چەند مانگ و چەند ساڵ بەسەر ئەو ئەندێشەو ئازارو خەونانەدا تێ پەڕیوە، زۆر شەوان جلی سەر تەنافەکەم لێ دەبێتە دایکم و لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە کچێکی گەنم ڕەنگی لەگەڵدایە من هەردووکیان دەکەمە دەرەوە، ئەوانیش بەبێ دەنگی و لەسەرخۆ دەچنە دەرەوەو لەناو شووشەی پەنجەرەکەدا دەتوێنەوە ڕەشەباکەش یاری بە جلی تەنافەکە دەکات زۆرجار کە من تەنیام، تووە قەڵەوەکانی داری باخەکەم لێ دەبێتە مەمکی ئەو کچە ناسکۆڵانەی، کە هیچ کاتێك ڕازی نەبوون شوو

بکەن بە کوڕێك کە هەردوو دەستی قرتێنراوەو، دایکی و باوکی نان دەکەن بە دەمێوەو هەر ئەوان شیعرو نووسینەکانی بۆ دەخەنە سەر کاغەزو هەر ئەوانن زۆرجار لەکاتی نووسینەوەیاندا بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری شیعرەکانی و نووسینەکانی دەکەن و، ئەو شتانەی لێ لادەدەن کە باسی ئازارو سەرچاوەی ژانەکانی دەکەن، ئەو کوڕەی کە دەستی قرتاوەو زۆرجار دایك و باوکی، لەبەر خاتری حەیای خێزانەکەیان، بەرهەمەکانی ناگەیەننە رۆژنامەو گۆڤارەکان و، لە رێگەدا دەیدڕێنن ئێستە، زۆر لەو شەوە دوورانە، کەمن تەنیام، نیوە شەوان لەناو شەماڵ و سەمای گەڵا بێ کەسەکانی شەوگارێکی هەتیوا ئەو کاتانەی تەنانەت ئەستێرەکانیش وەکو ناخە نسرمەکەی من دەکوژێنەوە، منێکی بێ ئارەزووی قرتێنراو، دەبینم:

(دایکم لەژێر قەرەوێڵەکەمدا خۆی حەشارداوەوە جار جارە سەرهەڵدەبڕێ و سەیرێکی سەر قەرەوێڵەکە دەکات، دواتر خۆی لەژێریا مەڵاس دەداتەوە من هاوار دەکەم: (برۆ دەرەوە ژوورەکەم چۆڵ بکە) . ئای تامن فێری وشەی دایەو باوە بووم، ملیۆنێك فرمێسکم رشت و ملیۆنێ بروسکە قیژاندم، ئەوەتا ئێستە لەبەر تارماییەکانیان هەڵدێم.

ئاگام لێیە لەژێر قەرەوێڵەکەمدا دەجووڵێتەوەو رازی نابێ خۆی بۆ من دەرخات، تەنها دەستی درێژ دەکات، دەستی ئەوبوو، شەوێکی باراناوی سارد بوو دەستی ئەوبوو، بۆنی پیازو رۆنی، نیوەڕۆیەکی ئەو سەری منالی لێ دەهات، ئای ئەو نیوەڕویانە دووبارە نابنەوە جا بۆچی دووبارەببنەوە، پێویست ناکات دووبارەببنەوە، شەوێکی باراناوی سارد، دارو پەنجەرەو گەردوون و تارماییەکان لە ئاوی باران هەڵکشابوون، ئەوان بەرووتی و بەبێ دەنگی هاتنە ژوورەکەمەوە من پێم وتن: (تەنیا ئەمشەو جێتان دەکەمەوە) .

بەڵام ئەوەتە هەورەکان وشکیان کردو، ئەستێرەکان کوژانەوەو درەختەکان لە سەما کەوتوون، ئەوان لەژێر قەرەوێڵەکەدان و نایەنە دەرەوە، هەر بەهیوام کازێوە بێت و تارماییەکان لە پەنجەرەکەوە بچنە دەرەوە، کازێوە دێت و ئەستێرەکان دەردەکەونەوەو، بارانەکەش دادەکاتەوە بەڵام تارمایی دایکم و باوکم لە جیاتی ئەوەی لەژێر قەرەوێڵەکەوە بێنە دەرەوە، جارێکی تر لە شووشەی پەنجەرەکەوە خۆیان دەکەنەوە بە ژووره ساردەکەمدا، نە ئەوان دەخەون و نەمنیش، هەموو ئەو شەوانەم بینیوە کە ئەستێرەکان دەبنە تنۆکی شەونمی پەمەیی و بەشووشەی پەنجەرە تەنیاکەمدا دەبریسکێنەوە ئەو شەوانە شەش مانگی خایاند، هەموو ئەو شەوانەم بینیوە کە گریانی منالە کۆرپەکان لەگەڵ دەنگی میاو میاوی پشیلە تەنیاکانی شەوگارێکی رەشی شێداردا تێکەڵاو دەبوو، بەڵام شەوی وام نەبینیوە وەکو ئێستە کە ئەو هەموو ئەستێرەکان باریوون. ئەو هەموو تارماییە بێنە ژوورەکەمەوە،

منێکی دەست قرتاوو، ژورێکی لەبیرکراوی داخراوو، تارماییەکان ئەو تارمایيانەی، کە لەژێر مێزو کانتۆرو قەرەوێڵەو بە سەرسەرمدا دەسووڕێنەوە رێگەنادەن خەیاڵەکانم تۆزێك لەو دیوی پەنجەرەکەمەوە ئاودیو بن، شەوان ئەوان بەردەرگا داخراوەکەم و بەر پەنجەرەکەم و سەربانەکانیان لێ دەگرتم، باخچەو حەوشەکەیان دەتەنی، دەمبینی، سێوە لاسوورەکان و تۆوە خرپنەکان و بەرسیلە نەگەییوەکانیان لێ دەکردەوەو دەیانخوارد، لیك بەدەمیاندا دەهاتە خوارەوە، منیش، دوو دەستی قرتاوو، دەریایەك فرمێسکی بێ دەنگ، تارماییەکان رێگەیان نەدەدا، گوێ لە دەنگی بارانیش بگرم، ئەو بارانەی کە نەمدەزانی لە چ هەورێکەوە دادەبارێ، هاوارم دەکرد دەمقیژاند، پێم دەوتن، هەموو میوە شیرینەکان بخۆن وەرن ژورەکەم تالآن بکەن، بەڵام بەر ئەو دەرگاو پەنجەرەو باخچەیە چۆڵ کەن، ئەوان کە گوێیان لەمن دەبوو بە پێکەنینەوە هەڵدەهاتن، هەندێکیان دەهاتن سەریان دەنایە بەشووشەی پەنجەرەکەوەو ئینجا رایان دەکرد؛

شەوێکی تر تارمایی دایکم و باوکم لە باخچەکەدا پیاسەیان دەکرد من پێم وتن، وەرنە ژوورەوە، من تووڕە نابم، ئەوان تووڕە بوون و وتیان:

( (لاچۆ ئێستە کاتی قسەکردن نییە) )

منیش پێم وتن: ( (ئەی کاتی چییە) )

بەڵام ئەوان وەڵامی منیان نەدایەوەو، بەپێکەنینەوە رۆیشتن توانەوە، قیژاندم وتم:

(وەرنە ژوورەوە سەرماتان دەبێت)

(وەڵام نەبوو)

ژنێکی میهرەبانی تر هات بۆ لام وتی: ( (بخەوە خەمی ئەوانت نەبێت، ئەوان گەنجن و تۆ پیر بوویت، لەو شتانەت چی) ) . من گریام، بەڵام گریانەکەم زۆر زۆر خۆش و کش و مات بوو، نە خۆم گوێم لێی بوو نە کەسی تریش، بەلوعەی حەوشەکەمان کرابۆوە، و ئاوێکی زۆر بە خوڕ لێی دەرۆیشت، ئاوێکی خەستی تەماوی، هەڵماوی لێ هەڵدەستا جار جارە ماسی سوورو ئەستێرەی پەمەیی و سێو و تووە سوورەشی لێوە دەهاتە دەرەوە، من بە دوای دایکم و باوکمدا هاوارم کرد: (باشە هیچ نەبوایە بەلوعەکەتان بگرتایەوە) )

ژنە میهرەبانەکە وتی: ( (تۆ پیریت وبەتەمەنتری، ئەوان گەنجن و سەرەتای ژیانیانە) )

من و تۆ: ( (چۆن بیرم دێت ئەوان مردوون، چۆن وا دەبێت) )

ژنەکە وتی: ( (مادام ئاگرو کتێبە پیرۆزەکانیان شاردەوە، هەموو شتێك دەبێ) ) .

نازانم کەی بوو ئەو شەوەی، هەموو شتەکان منیان جێ دەهێشت، سۆزو خۆشەویستی ژنە میهرەبانەکەو گریان و فرمێسك و باران و، شەونم و.، تەنانەت خەیاڵیش منی جێ هێشت، دەستنووسە هەزار لاپەرەییەکەم و کتێبەکانم کەوتنە خۆیان، ئەوانیش رازی نەبوون ببنە تارمایی، ئەوانیش، لەسەرخۆ دەیانویست من پێیان نەزانم، وشەکان سەر رووی لاپەرەکانیان جێ دەهێشت و، بەئەسپایی پێیان دەخستە سەر زەوییەکەو بەلای مندا دەچوونە دەرەوەو زۆریان لە درزی دیوار و سەقفی ژوورەکەمەوە دەچوونە دەرەوە، ئەوان دەیانویست من بێدار نەبمەوە تەنیا چرپە چرپ و زیکەزیکێکی کەمیان دەکردو دەرۆیشتن پێویستی نەدەکرد من بڵێم بەوان ئەرێ بۆ کوێ دەچن) ، ئەوان سەربەست تر بوون، زۆر لەمن سەربەست تربوون، بۆمن خۆم چی بووم، تا بتوانم نەهێڵم ئەوان دێری کتێب و دەستنووسە خۆشەویستەکەم، جێ بهێڵین، ئیتر، من لەگەڵ تارمایییەکان مامەوە، لەگەڵ ئەوان نەهەستم بەسەرما دەکرد نەهەستم بەگەرما دەکرد، بەڵام شەو بوو هەمووی شەوگارێکی چراخان بوو، ئێستە کە نازانم چ وەختە تارمایییەکان، ئەو تارمایییە رەزاگرانانەی، لای کاتی مناڵی نەبوون کە لەسەر تەناف و لەسەر بانەکانەوە دەهاتنە خوارەوەو، منیان دەخستە گریان و منیش، لە ترسانا، باوەشم بەدەستی دایکما دەکردو دەگریام و، لەشم خەڵتانی عارەقی ترس دەبوو. نەخێر ئێستە، تارمایییەکان، من لێیان ناترسم، ئەمانە تارمایی ناسکۆڵەی میهرەبانی شۆخ و شەنگن، کزەڵ و بێ دەنگ و لەسەرخۆ بوون، بەڵام کە تارمایی دایکم و باوکم دەهاتن، ژوورەکەو باخچەو حەوشەکە، دەبووە، هەڵڵاو بەزمێکی تۆقێنەر، ئەوان دەهاتن، من لەو تارماییانە، بپارێزن، بەڵام من ئێستە ناترسم، من کاتی مناڵی لێیان دەترسام ئەو کاتانەی، کەمن دەمووت، دایە، بابە، تارمایی هاتن، ئەوان دەیانووت، (بخەوە کەی کاتی هاتنی تارمایییەی تارمایی چی) ؟

تارمایییەکان دێن و دەچن، منیش ناگریم هاوار ناکەم، ئێستە، ئەوان چاو لەمن زەق ناکەنەوە، من و ئەوان، ئێستە لە ژوورێکی لەبیرکراوی چۆڵ دا، بەتەنیاو بێ دەنگ، میهرەبانی دەدەین بەیەك) )

(دواجار پێم وتن باشە واخۆتان دەرۆن ئەی بەلوعەکەتان بۆ نەگرتۆتەوە) .

سلێمانی 1993

⭑ئەمە یەکەمین چیرۆکی منە، دیارە یەکەمین چیرۆکم لە ژێر کاریگەری یەکێك لە چیرۆکەکانی گۆران بابەعەلی دایەو، من ئەوو شێرزاد حەسەن بەو دوو چیرۆکنووسەی کورد دەزانم کە کاریگەرییان لەسەرمن هەبووە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.